# ئەفغانستان: وڵاتی شاخ و بیابان بە ژمارە

23-08-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو,مەحموود بابان

**کورتە** : چیرۆکی بیست ساڵ ململانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و کۆتایهاتنی بە یانزە رۆژ

| RRC

ئا: مەحموود بابان-ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو|

ئەفغانستان وڵاتی شاخ و بیابان بە ژمارە

**34 پارێزگا و 431 قەزا**

ژمارەی دانیشتوانی ئەفغانستان 39.38 ملیۆن کەس، کە 48.7% مێ و 51.3% نێرە، 26.2 % ئەفغانییەکان لە شار دەژین و 73.8% لە گوندەکان دەژین. نزیکەی 4.5 ملیۆن کەس ( 12% وڵات) لە کابوڵی پایتەخت دەژین کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی وڵاتەوە. پارێزگا گەورەکانی دیکە بریتین لە هەرات (1.9 ملیۆن )، ئەنگەرهار (1.5 ملیۆن)، بەلخ (1.3 ملیۆن) و قەندەهار (1.2 ملیۆن) کەس.

**رووبەر و پانتایی ئەفغانستان**

وڵاتی باشووری ئاسیا کە 40 مین وڵاتی چڕترین ژمارەی دانیشتوان لە جیهاندا، رووبەرەکەی 652 هەزار و 860 کیلۆمەتر دووجایە، هێندەی رووبەڕی ویلایەتی تەکساس ئەمریکا و دوو هێندەی بەریتانیا دەبێت.

**وڵاتێ شاخ و بیابان**

ئەفغانستان هەشتەمین وڵاتی شاخاوی جیهانە کە زۆ بەشی سەخت و قورسە، تەنانەت بۆ گەیشتن بە کابوڵی پایتەخت، لە رووی دەریاوە زیاتر لە 2 کیلۆمەتر ( 6562 پێ) بەرزە. چیا سەختەکانی هیمالایای هیندوکوش لە باکووری رۆژهەڵاتی وڵات دادەپۆشێت، لە کاتێکدا بەشێوەیەکی سەرەکی باشووری رۆژئاوا بە بیابان داپۆشراوە.

**3 ملیۆن و 700 هەزار منداڵ لە دەرەوەی قوتابخانەکانن**

بەپێی ئامارەکانی [1]UNHCR] ژمارەی ئەو منداڵانەی لە ئەفغانستان لەدەرەوەی قوتابخانەن، کە 60% ئەو منداڵانە کچن.

**بەرهەمهێنەری ماددەی هۆشبەر**

ئەفغانستان گەورەترین بەرهەمهێنەری تلیاکە لە جیهاندا و زۆربەی ئەو دەرمانانەی کە بۆ بەرهەمهێنانی دەرمانی هیرۆین و ئالوودەبوون بەکاردەهێنرێت لە باشووری رۆژئاوای ئەفغانستان بەرهەمدەهێنرێت.

بەپێی دوایین راپۆرتی نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دەرمان و تاوان[2] کە لە ساڵی 2020 ئەنجامدراوە 224 هەزار هێکتار ( نزیکەی 553 هەزار و 500 دۆنم) زەوی بەکارهێنراوە بۆ کشتووکاڵکردنی تلیاک لە سەرتاسەری وڵات، زیاتر لە نیوەی سەرجەمی کشتووکاڵکردنی تلیاک کەوتووەتە پارێزگای هیلمەند لە باشووری رۆژئاوای ئەفغانستان کە 115 هەزار و 597 هێکتار تێدا دەکرێ. بەپێی خەمڵاندنەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی 2020 ئەفغانستان 6 هەزار و 300 تۆن بەرهەمی تلیاک هەبووە، کە بەهاکەی 350 ملیۆن دۆلار بووە. تەنیا 12 پارێزگا لە کۆی 34 پارێزگای ئەفغانستان ماددەی هۆشبەری تێدا ناچێنری، لەماوەی 20 ساڵی رابردوودا بەرێژەیەکی زۆر چاندنی ماددەی هۆشبەر لە ئەفغانستان زیادیکردووە.

**1 تریلۆن دۆلار سەرمایەی کانزایی**

تاوەکو ئەمرۆ تاڵیبان سوودیان لە بازرگانی تلیاک و هیرۆین وەردەگرت، بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی کاریگەری حوکمی وڵاتێک دەکەن کەسەرچاوەیەکی بەنرخی هەیە و چین (دووەم گەورەترین ئابووری جیهان ) پێویستییەتی بۆ گەشەپێدانی ئابووری خۆی.

لەساڵی 2010دا راپۆرتێکی شارەزایان و جیولۆجیستەکانی سوپای ئەمریکا پێشبینیدەکەن[3] ئەفغانستان نزیکەی 1 تریلۆن دۆلار سامانی کانزایی وەک ئاسن، مس، لیسیۆم و کۆباڵت و ماددەی دەگمەنی هەبێت.

*گرافیک ژمارە: 1 نیشاندەری سامانی کانزایی ئەفغانستان*




سەرچاوە: USGS, Afghanistan GS 2010

**زۆربەی ئەفغانییەکان لە هەژاریدا دەژین**

پێش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەلایەنی کەمەوە 54.5% دانیشتوانی ئەفغانستان لە ژێر هێڵی هەژاریدا ژیاون و ئێستا پێشبینەدەکرێت گەیشتبێتە نزیکەی 72%ی دانیشتوان.

**169مین هەژارترین وڵاتی جیهان**

ئەفغانستان ئەو شوێنەیە کە یەکێکە لە هەژارترین وڵاتانی جیهان، بەپێی ئیندێکس گەشەپێدانی مرۆیی کە لەلایەن بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان بڵاوکراوەتەوە [4] لەنیو 189 وڵاتدا ڕێزبەندی 169مین هەیە و نزیکەی 55% ی دانیشتوانەکەی لە هەژاریدا دەژین.

**ئەفغانستان و تەکنەلۆژیا**

8.64 ملیۆن کەس ئینتەرنیت بەکاردەهێنن، لەماوەی نێوان ساڵی 2020 بۆ 2021 ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنیت بەرێژەی 22.0% بەرزبووەتەوە.

27.04 ملیۆن مۆبایل بەکاردەهێنن.

**تێچووەکانی دوو دەیە شەڕ لە ئەفغانستان**

لە دوای هێرشەکانی 11ی سیپتەمبەرەوە و لە ساڵی 2001وە گیانی دەیان هەزار کەس لە 30 وڵاتی جیهانەوە بوونە قوربانی، کە قورسترین باجیان لە لایەن خودی خەڵکی ئەفغانستانەوە بووە.

هەروەها شەڕکەرەکان ملیۆنان کەسیان ئاوارەکرد و خەرجییەکی زۆریان لەرووی داراییەوە سەرفکرد، کە تریلۆن دۆلارە لەرووی سەربازی و هاوکارییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا شەڕ لە ئەفغانستان تەواوبووە و تاڵیبان کۆنترۆڵی تەواوی وڵاتی لە بەردەستداتە، دەکرێت کاریگەرییەکانی ململانی دوو دەیە لەسەر ئەفغانستان و جیهان بەم شێوەیە بخەینەڕوو.

**2001**

ئەمە ئەو ساڵەیە، ئەمریکا شەڕی لە ئەفغانستان بەرپاکرد و ئۆپراسیۆنی ئازادی خۆڕاگری لە 7ی تشرینی یەکەمی 2001 [5] دەستپێکرد، وەک بەشێک لە جەنگی فراوانتری سەرۆک جۆرج دەبلیو بۆش لە دژی تیرۆر لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر.



وێنە ژمارە:1 سەربازانی ئەمەریکا لە 26ی تشرینی دووەمی 2001 لە نزیک مەزار شەریفی ئەفغانستان لە پشت سەنگەرێکەوە خۆیان حەشارداوە، سەرچاوە (وێنە ئۆڵگ نیکشین/گێتی)

**19 ساڵ**

ژمارەی ئەو ساڵانەیە کە سەربازەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بوون و وای کردووە کە درێژترین بەشداریی سەربازانی ئەمریکا بێت لە شەڕدا. لە ساڵی 2014وە هەزاران سەربازی ئەمریکا و ناتۆ بەژمارەیەکی کەمتر لە زەوی ئەفغانستان مانەوە، ئەمەش دوای گواستنەوەی بەرپرسیارەتی ئەمنی وڵات بۆ هێزە نەتەوەییەکانی ئەفغانستان، لەوکاتەوە سەربازە بیانییەکان یارمەتی راهێنان و دەزگا و دەزگا ئەمنییەکانی ئەفغانستانیان داوە.

**800 هەزار**

بەپێی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا [6]ژمارەی ئەندامانی خزمەتگوزاری ئەمریکا لە تشرینی یەکەمی 2001وە لە ئەفغانستان خزمەتیانکردووە.

ساڵی 2011 لە لووتکەی کاری جەنگدا نزیکەی 130 هەزار سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئەفغانستان جێگیربوون، ساڵی 2014 ناتۆ کۆتایی بە ئەرکەکەی لە ئەفغانستان هێنا و تەواوی بەرپرسیارەتی گواستەوە بۆ هێزە ئەمنییەکانی ناوخۆی ئەفغانستان و کەمکردنەوەیەکی خێرای سەربازانی بیانی.

**2014**

لەم ساڵەدا بە فەرمی کۆتایی بە جەنگ هات، رۆژی 28ی کانوونی یەکەم بەرپرسانی سەربازی ئەمریکا و ناتۆ بەو بۆنەیەوە رێوڕەسمێکیان لەبارەگای خۆیان لە کابوڵی پایەتختی ئەفغانستان ئەنجامدا و باراک ئۆباما لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند[7] "هاتنەوەی سەربازەکانمان وەرچەرخانێک بۆ وڵاتەکەمان و ئێستا ئەمریکا ئارامتر و زیاتر پارێزراوە".


**5200 سەرباز**

بەپێی دوایین راگەیاندراوی پێنتاگۆن لە ئیدارەی بایدن ژمارەی سەربازە سەربازییەکانی ئەمریکایە کە تاوەکو رۆژی 19ی ئاب لە کابۆڵن و ئیدارەی بایدن ئاماژەی بەوەشکردووە لە هەفتەی رابردوووە هێزی زیادە رەوانەی ئەفغانستان کردووە بۆ یارمەتیدانی چۆڵکردنی بەشێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا و دڵنیابوون لە کشانەوەی سەلامەتی لە ئەفغانستان.

**4 سەرۆک و یەک جەنگ**

ژمارەی ئەو سەرۆکانەی ئەمریکا کە سەرۆکایەتی شەڕی ئەفغانستانیان کردووە.

*گرافیک ژمارە: 2 مەزەندەی بوونی سەربازانی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ئەفغانستان لە ٢٠٠١ بۆ شوباتی ٢٠٢١*




سەرچاوە: ئیندێکس ئەفغانستان، ناتۆ توێژینەوەی سیاسی Politico

ساڵی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ ژمارەی بڵاوکراوەی فەرمی ناتۆ لە مانگی شوبات بەکارهێنراوە


**تێچووە ماددییەکانی درێژترین جەنگی ئەمریکا لە مێژوودا**

**2 تریلۆن و 261 ملیار دۆلار**

واشنتن بەتەنیا زیاتر لە 2.6 تریلۆن دۆلار لە جەنگی ئەفغانستان خەرجکرد، لەکاتێکدا ئەم ژمارەیە هیچ تێچوویەکی داهاتووش بۆ سەربازانی ئەمریکا و قازانجی داهاتوو لە قەرزەکانی شەڕدا ناگرێتەوە. بەپێی راپۆرتێکی سیگار[8] لە ئەمساڵدا کە سەرچاوەکەی وەزارەتی بەرگرییە، ئەمریکا تەنیا بڕی 837 ملیار دۆلاری بۆ شەڕکردن خەرجکردووە.

ئەمەش سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەشداریانکرد لە پارەدارکردنی دامەزراوە نیودەوڵەتییەکان لە ئەفغانستان کاریاندەکرد، تێچووی دارایی راستەقینە جەنگ قورسە بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، بەڵام بەریتانیا لە 2001 بۆ 2014 نزیکەی 21 ملیار پاوەن خەرجکردووە.

*گرافیک ژمارە:3 بەشداربوونی وڵاتان لە هاوکاری دارایی بە دامەزراوەکانی ئەفغانستان لە ٢٠٠٢وە بە دۆلار*




سەرچاوە: SIGAR

**145 ملیار دۆلار**

ئەو بڕەیە کە ئەمریکا لەساڵی 2002وە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە ئاوەدانییەکان لە ئەفغانستان دابینکردووە زیاترە لە 145 ملیار دۆلار، بەپێی راپۆرتەکەی سیگار ئەو بڕە پارەیە بۆ کۆمەڵێک پرۆژە بەکاردەهێنرێت لەوانە بۆ دروستکردنی هێزی ئاسایشی نەتەوەیی ئەفغانستان، پێشخستنی حکومڕانی باش و هەوڵەکانی دژە ماددەی هۆشبەر.

**راهێنان بە 300 هەزار سەربازی ئەفغانی**

ژمارەی ئەو سەربازانەی ئەفغانستان کە لە لایەن ئەمریکاوە مەشقییان پێکراوە. رۆژی 16ی ئاب 2021 جۆ بایدن رایگەیاند " ئێمە هێزێکی سەربازی ٣٠٠ هەزار بەهێز لە ئەفغانستان مەشقپێکرد بەشێوەیەکی زۆرباش، کە هێزێکی گەورەتر لە سەربازی زۆرێک لە هاوپەیمانەکانی ناتۆمان".

**تێجووە مرۆییەکانی جەنگی 20 ساڵە**

تێچووی مرۆیی، بۆ ئەفغانییەکان، بۆ کرێکارانی رێکخراوە ناحکومییەکان و پەیامنێران و سەربازان و خێزانەکانیان ناژمێردرێت. خەمڵاندنی قوربانییەکان وەک ئەنجامێکی راستەوخۆ جەنگەکە هەیە، بەڵام زۆر کەم باسی باجی خەرجییە ناڕاستەوخۆکانی ململانیەکە وەک ( هەژاری، برسیبوون، نەخۆشی دەروونی و کاریگەرییەکانی تەمەن درێژی لەسەر تەندرووستی و خۆشگوزەرانی) دەکەن.

لە نێوان هێزەکانی هاوپەیمانادا، کارمەندان و بەڵێندەرانی سوپای ئەمریکا زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە، هەروەها سەربازانی ئەمریکا بەژمارەیەکی زۆر زیاتر لە گەلانی دیکەی ئەورووپا گیانیان لەدەستداوە.  هاوڵاتیانی مەدەنی و هێزە ئەمنییەکانی ناوخۆی ئەفغانستان بەشی زیاتر لەنیوەی زیانە مرۆییەکان لە جەنگی ئەفغانستاندا پێکدێنن.

**2352  سەربازی ئەمریکا کوژراوە**

ژمارەی ئەو ئەندامە سەربازیانەی ئەمریکا کە تاوەکو ئەم مانگە لە ئەفغانستان گیانیان لە دەستداوە،[9] بەڵام بەپێی داتاکانی سیگار[10] ئەم ژمارەیە کەمێک زیاترە و 2443 سەرباز گیانیان لە دەستداوە.

**20 هەزار برینداری جەنگ**

ژمارەی ئەو ئەندامانەی خزمەتگوزاری ئەمریکی کە لە جەنگدا برینداربوون، بەڵام بەپێی داتاکانی سیگار 20  هەزار و  666 کەس.

**66 هەزار سەرباز و پۆلیسی ئەفغانستان کوژراون**

بەپێی راپۆرتێکی ژماردنی خەرجییەکانی جەنگ لە لایەن پەیمانگەی واتسۆنی زانکۆی براون بۆ کاروباری نێودەوڵەتی[11] ژمارەی مەزەندەکراوی پۆلیس و سەربازی نیشتمانی ئەفغانی تاوەکو نیسانی ئەمساڵ  کوژراوە لەم جەنگەدا.

**47245  قوربانی مەدەنی (سڤیل)**

بەپێی پرۆژەی جەنگی زانکۆی براون[12]، ژمارەی ئەو هاوڵاتییە ئەفغانیانەیە کە کوژراون.  بەپێی پەیمانگەی هاریکاری نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئەفغانستان[13] تەنیا لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا ١٦٥٩ هاوڵاتی سیڤیلی ئەفغانی کوژراون و ٣٥٢٤ هاوڵاتیش برینداربوون، واتە بەرێژەی ٤٧٪ زیادی کردووە بە بەراورد بە هەمان ماوەی ساڵی رابردوو.

**51 وڵات بەشدار لە جەنگ**

ژمارەی ئەو وڵاتانەی لەنێو ناتۆ و گەلانی هاوبەش کە لە شەڕی ئەفغانستاندا شەڕیان کردووە.

**1441  سەربازی ناتۆ کوژراون**

بەپێی زابکۆی براون ژمارەی ئەندامانی خزمەتگوزاری هاوپەیمانان کە لە وڵاتانی دیکەی ئەندامی ناتۆ تاوەکو مانگی نیسان ئەمساڵ لە ئەفغانستان گیانیان لەدەستداوە.

**441 کارمەندی رێکخراوە مرۆییەکان**

ژمارەی کارمەندانی رێکخراوە مرۆییەکان و ناحکومییەکان تاوەکو مانگی نیسان ئەمساڵ کوژراون.

**75 رۆژنامەڤان**

بەپێی لیژنەی پاراستنی رۆژنامەڤانان[14] لە ٢٠٠١ تاوەکو ئەمساڵ ٧٥ رۆژنامەڤان و میدیاکار کوژراون.

**51 هەزار و 191 چەکدار (ئۆپۆزسیۆن)**

ژمارەی چەکدارانی دژ بە حکومەتی ئەفغانستان و ئۆپۆزسیۆن کوژراون، هەرچەندە ژمارەیەکی درووست هیچ کاتێک بڵاونەکراوەتەوە.

**2 هەزار و 977 قوربانی تاوەری بازرگانی**

بەپێی ئاماری مۆزەخانەی یادگاری ااى ئەیلوولی نەتەوەیی[15]، پیاوان، ژنان و منداڵان لە هێرشەکانی ااى ئەیلوولدا کوژراون.

*گرافیک ژمارە:4 ژمارەی کوژراون لە جەنگی 20 ساڵەی ئەفغانستان*




سەرچاوە: SIGAR


**ئاوارەبوونی نیوخۆیی و پەنابەری لە وڵاتانی دراوسێ**

**2 ملیۆن و 700 هەزار،** ژمارەی ئەو ئەفغانیانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە لەنێوخۆدا ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی و نائارامییەوە ناچاربوون ماڵ و گوزەرانی خۆیان بەجێبهێڵن و لەناوخۆی وڵاتەکەی خۆیاندا، هەروەها بەپێی UNHCR کۆی گشتی ژمارەی ئاوارەی ناوخۆیی زیاترە لە 3.5 ملیۆن کەس. لە کۆی 34 پارێزگا لە 32 پارێزگایان کەیسی ئاوارەبوونی زۆرەملێ تێدا تۆمارکراوە

بەپێی دوایین راپۆرتی [16] UNHCRکۆی ژمارەی پەنابەرانی ئەفغانی لە جیهاندا و لەساڵی 2020 گەیشتووەتە 6.2 ملیۆن کەس، نزیکەی 86% ئەو پەنابەرانە لە سێ وڵاتی دراوسێ و زیاتر لە 12% لە وڵاتانی ئەورووپا دەژین، بەم دواییەش هەریەکە لە وڵاتانی ئەڵمانیا، هۆڵەندا، فەرەنسا، سوید، فینلەندا و نەرویژ رایانگەیاند بەشێوەیەکی کاتی ناردنەوەی پەناخوازانی ئەفغانی رادەوەستێنن.

بەپێی ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان UNHCR لەمانگی تەمووز 2021 ئەفغانییەکان دووەم گەورەترین دانیشتوانی ئاوەرەن لە جیهاندا کە ئێران و پاکستان میوانداری نزیکەی 90% ئاوەرەی ئەفغانی کردووە.

*گرافیک ژمارە:5 پەنابەرانی ئەفغانی لەژێر دەسەڵاتی UNHCR لە جیهاندا، لە ۲۰۰۱ بۆ ۲۰۲۱*




**سەرچاوە: UNHCR**

**جیاوازی بۆچوونی ئەمریکییەکان**

بەپێی راپرسییەکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کاروباری گشتی ئەسۆشیدتد پریس کە لە 12 بۆ 16ی ئاب ئەنجامدراوە[17]، 60% ئەمریکییەکان بۆچوونیان وایە کە دەڵێن شەڕی ئەفغانستان شایەنی شەڕکردن نییە، لەکاتێکدا بەپێی راپرسییەکی گالۆپ[18] لە ساڵی

2001 دا 88% ئەمریکییەکان پشتگیری کردەی سەربازیان کرد

**تەنیا 11 رۆژ**

ژمارەی ئەو رۆژانەیە کە خایاندی بۆ تاڵیبان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکومەت لەدوای دەستکەوتە گرنگەکان لە سەرانسەری وڵاتدا لە دەستبدەن، لە رۆژی ٦ی ئاب تاڵیبان دەستی بەسەر یەکەمین پایتەختی پارێزگاکەی خۆیدا گرت لە زەرنج لە پارێزگای نیمرۆز لە سنووری ئێران تەنیا چەند رۆژێک دیکە و تاوەکو لە ١٥ی ئاب [19]کۆنترۆڵی کابوڵ بکەن.

لە کۆتاییدا، رۆژی 16ی ئاب، جۆ بایدن سەرۆکی ئەمریکا لە کۆشکی سپی بەرگری لە کشانەوەی سەربازانی ئەمریکا دوای دەستبەسەراگرتنی خێرای برووسکە ئاسای تاڵیبان بەسەر ئەفغانستان رایگەیاند[20] " **دوو ترلیۆن دۆلاریان لە ئەفغانستان خەرجکردووە، پشتیوانیی حکومەتیان کردووە و هێزەکانیان بۆ پرچەککردوون، بەڵام بەرامبەر تاڵیبان شەڕیان نەکرد و سەرکردەکانیان هەڵاتن". رۆژی سێشەممە** زەبیحوڵڵا موجاهید، گوتەبێژی تاڵیبان لە یەکەم کۆنگرەی رۆژنامەڤانیدا دوای کۆنترۆڵکردنی زۆرینەی ئەفغانستان رایگەیاند[21] "دوای 20 ساڵ لە ململانێ، توانیمان [ئەفغانستان] ئازاد بکەین و بیانییەکان دەربکەین.. ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ هەموو نەتەوەکەمان.. ئێمە شانازی دەکەین کە بتوانین کارێک بۆ گەلەکەمان بکەین و لە مێژوودا بنووسرێتەوە". رۆژی چوارشەممە **سەرۆکی ئەفغانستان بۆ یەکەم جار دوای جێهێشتنی وڵاتەکەی لە ئیماراتەوە پەیامێکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە و رایگەیاند[22] "ناچار" بووە ئەفغانستان جێبێڵێت بۆ ئەوەی رێگە لە رژانی خوێن و دروستبوونی کارەساتی گەورە بگرێت و تەنیا بە کڵاو و پێڵاوەکانمەوە رۆشتم".**



وێنە: لە 15ی ئابی 2021دا لانی کەم 640 ئەفغانی لە کابوڵەوە  چۆڵکراون بۆ فرۆکەیەکی هێزی ئاسمانی ئەمریکا

سەرچاوەکان

Adela Suliman. *The Washington Post.* 20 8, 2021.
https://www.washingtonpost.com/world/2021/08/20/afghanistan-war-key-numbers/ (تاريخ الوصول 20 8, 2021).

GIOVANNA COI. *The war in Afghanistan — by the numbers.* 19 8, 2021.
https://www.politico.eu/article/war-afghanistan-numbers-costs-taliban-migration-europe-refugees/ (تاريخ الوصول 20 8, 2021).

Mohammed Haddad and Alia Chughtai. *10 maps to understand Afghanistan*. ١٦ ٨, ٢٠٢١.

https://www.aljazeera.com/news/2021/8/12/10-maps-to-understand-afghanistan-interactive.

The Visual Journalism Team. *BBC News.* 18 8, 2021. https://www.bbc.com/news/world-asia-57767067 (تاريخ الوصول 20 8, 2021).

[1] https://www.unicef.org/afghanistan/education

[2] https://www.unodc.org/documents/crop-monitoring/Afghanistan/20210503_Executive_summary_Opium_Survey_2020_SMALL.pdf

[3] https://pubs.usgs.gov/of/2011/1204/pdf/01.pdf

[4] http://hdr.undp.org/en/countries/profiles/AFG

[5] https://2001-2009.state.gov/s/ct/rls/wh/6947.htm

[6] https://www.defense.gov/Explore/News/Article/Article/2732900/taliban-take-kabul-us-troops-arrive-to-facilitate-departures/

[7] https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/12/28/statement-president-end-combat-mission-afghanistan

[8] https://www.sigar.mil/pdf/lessonslearned/SIGAR-21-46-LL.pdf

[9] https://www.defense.gov/Explore/News/Article/Article/2732900/taliban-take-kabul-us-troops-arrive-to-facilitate-departures/

[10] https://www.sigar.mil/pdf/lessonslearned/SIGAR-21-46-LL.pdf

[11] https://watson.brown.edu/costsofwar/figures/2021/human-and-budgetary-costs-date-us-war-afghanistan-2001-2021

[12] https://watson.brown.edu/costsofwar/figures/2021/human-and-budgetary-costs-date-us-war-afghanistan-2001-2021

[13] https://unama.unmissions.org/sites/default/files/unama_poc_midyear_report_2021_26_july.pdf

[14] https://cpj.org/data/killed/?status=Killed&motiveConfirmed%5B%5D=Confirmed&type%5B%5D=Journalist&start_year=1992&end_year=2018&group_by=year

[15] https://www.911memorial.org/visit/memorial

[16] https://www.unhcr.org/flagship-reports/globaltrends/

/https://apnorc.org/projects/most-americans-say-the-wars-in-afghanistan-and-iraq-were-not-worth-fighting [17]

https://news.gallup.com/poll/9994/public-opinion-war-afghanistan.aspx [18]

https://www.washingtonpost.com/world/2021/08/16/taliban-timeline [19]

https://www.rudaw.net/sorani/world/1608202111 [20]

https://www.rudaw.net/sorani/world/170820218 [21]

https://www.rudaw.net/sorani/world/180820216 [22]